# ئەو حیزبەی بڕیارە پێکبێت، حیزبی لەپێشدا بڕیار لەسەردراوی هیچ هێزو لایەن و گرووپێك نییە

**عبدالله مەحمود**
abdulla.mahmud@gmail.com

## بەشی یەکەم

لەدرێژەی ئەو باس و پلیمەکەدا کە لەپەیوەند بە پێداویستی پێکهاتنی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستاندا هاتۆتە پێش، جارێکیتر هاوڕێ و خۆشەویستان کەمال ڕەئوف و هەژێن، چەند ڕەخنەو سەرنج و پرسیاریان هێناوەتە خستۆتەڕوو. بەمەبەستی زیاتر ڕۆشنکردنەوەی باسەکەی خۆم و هاوکات بەمەبەستی بردنە پێشی ئەم پلیمەکە سیاسی و متەمەدینانەیە، بەپێویستم زانی لەسەر سەرنج و ڕەخنەکانی ئەوان سەرنجی خۆم بخەمە ڕوو، بەهیوای ئەوەی کە ئەم گفتوگۆ کراوەیە ئاکامی سەمەربەخشی هەبێت.

من بەتەواوی لەگەڵ ئەو بۆچوونە کۆکم، کە دەڵێت( ...ڕەچەیەکی نوێ بشکێنرێت بۆخەبات و تێکۆشانی هەموو ئەوانەی بەهەلومەرجی ئێستا ناڕازین و خوازیاری گۆڕانن....هاوکات ئەوە کەدەلێت ... ئەگەر حیزبێك بەهەمان عەقلێت و تێگەیشتنی کۆنەوە دروست بکەین کە لەئاکامدا بکاتە ئەوەی کە تەنها ژمارەیەکی تر بە ژمارەی حزبەکانی ئەمڕۆی ناو مەیدانەکە زیادبکات ئەوا نەکردنی سەدجار لەدروستکردنی باشترە)*

منیش لەپەیوەند بە پێکهینانی حیزبدا باسی پێداویستی حزبێکی تازەم کردووە بۆ کوردستان، تازە بەمانای حیزبێك بێت کە بەچاوێکی کراوەو بە میتۆدی ماکسیزمەوە وەڵامی گرفتەکانی ئێستای کۆمەڵگا بداتەوە، بڕوانێتە دیاردەو ڕوداوەکانی دنیای هاوچەرخ، حزبی تازە بەمانای حزبێکی سیاسی کە لەهەموو بارێکەوە تازە بێت، تازە لە مامەڵەی لەگەڵ دنیای ئێستا، تازە بەمانای ڕێکخستنێکی نوێ، تازە بەمانای هێزی نوێ، تازە بەمانای جۆرێکیتر لە ڕاگەیاندن، تازە بەمانای شێوازی نوێی خەباتکارانە، تازە بەمانای ئیلهام وەرگرتن لەداهاتوو، تازە بەمانای ئەوەی کە ئەم حزبە چوارچێوەیەکی خەباتکارنە بێت بۆ هەموو ئەوانەی بەهەلومەجی ئێستا ناڕازین و خوازیاری گۆڕانن، تازە بەومانایەی تەنها ژمارە زیاد نەکات......بەڵکە ببێتە حزبێك کە بەکردەوە بەشێك بێت لەوحزبە گەورە کۆمەڵایەتییەی لەکۆمەڵگادا بوونی هەیە و دەیەوێت هەلومەجی ئێستا هەڵبوەشێنێتەوە.

منیش پێموایە ئەگەر ئەم حزبەی باسی پێکهێنانی دەکرێت تەنها زیادکردنی ژمارەی حزبەکان بێت ئەوا نەکردنی زۆرباشترە. باسی ئێمە پێکهێنانی حیزبی کرێکاران و بێبەشانی کۆمەڵگایە، کومەڵگای ئێستای کوردستان ئەم حزبەی نییە، چینی کرێکاری کوردستان و خەڵکی بێبەش و نەدارو تەنانەت مەدەنیەتی کۆمەڵگا، نوێنەرایەتی ناکرێت و حزب و ماشینی ڕێکخستنی خۆی نییە. حزب بۆ وەڵامدانەوە بەو بۆشایە پێویستە.

ئەو حیزبە دەبێ تازەبێت، میتۆدی مارکس ئاڵای فیکری وتیئۆریەتی و حیزبەکەشی حیزبی بۆلشوێکی ئەم سەردەمەیە و لەباری کۆمەڵایەتیشەوە بزوتنەوەی نارەزایەتی چینی کرێکار بەدژی سەراپای هەلومەرجی مەوجود و نیزامی سەرمایەداریە.

لەگەڵ ئەوەدا خەباتکاری پێکهینانی حیزبی چینی کرێکارو بۆلشویکیم، بەڵام نایشارمەوە پشتیوانی بێدرێغ لەپێکهێنانی هەر حیزبێکی متەمەدین دەکەم، حەزدەکەم کۆمەڵگای کوردستان لەجیاتی ئەوەی هەر ئەحزابی قەومی و دەمارگیری نەتەوەیی یان ڕەوتی دینی و مەزهەبی تیابێت، حیزبی پێشکەوتنخوازی وەکو سوسیال دیموکراسی و ئەحزابی لیبرالی تیابێت، حیزبی تیابێت بۆ لابردنی ستەمێك یان بێمافییەك، بەداخەوە کۆمەڵگای کوردستان خاڵییە لەم شێوە حیزبانەش.

ئەمەش وادەکات کە ئەرکی حیزبێکی کۆمۆنیست کە پێکدێت زۆر فراوان و هەمەلایەنەبێت، حیزبی کۆمۆنیست لەکاتێکدا کەحیزبی شۆڕشی سوسیالستی چینی کرێکارە، حیزبی بەرگری لە بیئەشە، حیزبی دژی هەڵاواردن و ئاپارتایدی جنسیشە، حیزبی وەڵامدانەوە بەکێشەی خەڵکی کوردستان، حیزبی بەرگری لەمافی منالان و لاوان و مافە فەردی ومەدەنیەکان، حیزبی دژی دواکەوتووی کۆمەلایەتی و کەلتوری، حیزبی بەرگریکەر لە پەنابەرانی سیاسی هەڵسورانی ئەحزاب و لایەنەکانیانە ......

مەسەلەیەکی تر ئەوەیە کە دەوترێت (... ئاخۆ ئەو حیزبەی بڕیارە دابمەزرێت هەمان حیزب و هەمان کادران و هەمان میتۆدی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری پێشووە یان شتێکی ترەو ئەوانیش دەیانەوێت لەم پرۆسەیەدا بەشداربن و لە پێکهاتەی ئەم حزبە تازەیەدا ببنە ئەندام و دەست بەرداری حزبەکەیان بن؟**

من لەبەشەکانی پێشوتردا وەڵامی ئەم گومان و پرسیارانەم داوەتەوە، بەلام دیسان دەمەوێ تەئکید بکەمەوە سەر چەند مەسەلەیەك.

ئەو حیزبەی بڕیارە دابمەزرێت، نە بەچکەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراقە و نەبەشێکە لەئەو نەئەو دایئەمەزرێنێت و نەگۆڕینی کۆمیتەی کوردستانی حیزبە بە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان، بەڵکو حزبی هەموو ئەو کەسە کۆمۆنیست و چەپ و مارکسی و حیکمەتی و لنینیانەیە، کە هەم خەریکن بەنەخشەوە و بەیەکەوە پێکی دەهێنن و هەم هی ئەوانەیە کەدوای پێکهاتنی پێوەی پەیوەست ئەبن و خۆیان بەهاوبەش لەبەرنامەو ئامانجەکانیدا دەزانن.

من لەگەڵ پێکهاتنی حزبێکدا نیم، کەچەند کەسێك لەناو دنیای خامۆشی خۆیانداو بەدزیەوە سەریان بەیەکەوەناوەو حیزبێك پێکدەهێنن، پاشان بانگەوازی چەپ و کۆمۆنیست و مارکسییەکان دەکەن پێوەی پەیوەست بن و تیایدا ببنە ئەندام. من و ئەندامان و کادرانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق و هەرکەسێکی تری چەپ و کۆمۆنیست ئەرکمانە بەیەکەوە بەرپرسیاریەتی وەڵامدانەوە بەو بۆشاییە بدەینەوە کە کۆمەڵگا و لەپێشیانەوە چێنی کرێکار و بێبەشان پێویستیانە، و حزب پێکبهێنین. هەتا حیزبی تازە لەڕوانگەی منەوە یانی حزبێك کە بۆچون و لێکدانەوەی جیاوازی تیایە، ڕەئی جیاوازی تیایە، بەلام پرۆژەیەکی هاوبەشە و یاساو ڕیسا حزبیەکان دواین بڕیار لەکارپێکردنی بۆچونە جیاوازەکان دەدات، حیزبی یەکڕوانین و یەك بۆچونی نییە. حزبی بۆچونە جیاوازەکانیشە. بۆچونی جیاوازەکانی ناو چوارچێوەی بزوتنەوەیەکی کۆمەلایەتی.

ئەگەر بڕیاربێت ئەم حیزبە حیزبی هەمان کادرو ئەندامانی پێشوی" حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق" بێت، یان گۆڕینی کۆمیتەی کوردستانی ئەم حزبە بێت بە حیزبی تازە، ئەوا هیچ پێویست بەباسێکی ئاوا ناکات، کەس دەستی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراقی نەگرتووە بەبڕیارێك ئەم کارە مۆر لێبدات. من لەگەڵ ئەوەنیم و خوازیاری پێکهێنانی حزبێکی تازەم، کادرو ئەندامانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق و هەموو کادرو ئەندامانی سەر بە گروپ و لایەنە چەپەکان و هەموو کەسە سەربەخۆ و چەپ و کۆمۆنیستەکان و وەکو یەك دەتوانن بەشداربن لە پێکهێنانی ئەم حیزبەداو ئەگەریش نایەن لەگەڵی ئەوا دەتوانن ئەوکاتەی ئەو حیزبە پێکهات بێن و پێوەی پەیوەست بن. حیزبی لەپێشدا بڕیار لەسەردراوی هیچ هێزو لایەن و گروپێك نییە. حیزبی چینی کرێکارو بەشی پێشرەویەتی، نوێنەری قوتبی چەپی کۆمەڵگایە، وەرن با بەیەکەوە دەست بەکاری پراکتیکی بین بۆی.

مەسەلەیەکی تر ئەوەیە کەپەیوەندی بەحیزبی"مارکسی– حیکمەت"وە هەیە، من لەبەشەکانی پێشودا لەوبارەوە تەئکیدم لەوە کردەوە، کە حیکمەتیزم جگە لە مارکسیزم شتێکی تر نییە و کۆمۆنیزمی کرێکاریش جگە لەدەستەواژەیەك بۆ گێرانەوەی کۆمۆنیزم بۆ پایەگای کۆمەلایەتی مارکسیزم، یانی چینی کرێکار مانایەکی تری نییە. ئیتر هیچ لەوە ڕۆشنتر نییە و هەر بەڕێزێك دەخوازێت حیزبی مارکسی و حزبی بۆلشوێکی پێکبێنێت، ئەوە لەڕوانگەی منەوە حیکمەتیزمەو دەستی دەگوشم و لەگەڵیدام.

بەلام ئەوە ڕاستیەکە کە بەدوای شکستی شۆڕشی ئۆکتۆبەردا، کۆمۆنیزم زیاتر ڕواڵەتی مەکتەبی و فکری پێدرا، لەپایەگای کۆمەلایەتی خۆی دوورخرایەوە. گێرانەوەی ئەم کۆمۆنیزمە بۆ پایەگای سەرەکی خۆی یانی چینی کرێکار، تەنها بەگەڕانەوە بۆ تیۆری و میتۆدی مارکسیزم و وەڵامی وەردەگرتەوە. پێویستی بەوە بوو ئەم کۆمۆنیزمەی مارکس لەپەیوەندی واقعی لەگەڵ دنیای واقعی دوای شکستی شۆرشی ئۆکتۆبەرو ئاڵوگۆڕەکانی 70 ساڵەی دوای ئەودا،

بەکاربهێنرێت و وەڵام بەمەسائیلەکانی بدرێتەوە، من بۆچوونم وایە ئەم ئەرکە مەنسور حیکمەت کردی لانی کەم لەباری تیئۆری و فکریەوە، توانی کۆمۆنیزم لەژێر تەپۆتۆزی هێڵی پرۆ ڕوسی و چینی، چەپی نوێ، ڕزگاربکات. لەدەستی بزوتنەوە کۆمەڵایەتیە بورژوازیەکانی تر کەمارکسیزمیان لەپەرچەمی ڕزگاری چینی کرێکارو بەشەریەتەوە کردبووە وەسیلەی بۆسەربەخۆیی ئابوری، پیشەسازیکردنی وڵات، دژی ئیمپریالستی، دەربهێنێتەوە. لەباری کۆمەڵایەتیشەوە هەنگاوی بەکردەوەی بۆهەڵێنا، ئەوەی کە نەیتوانی لەجغرافیایەکدا توانایی و لیاقەتی بەکردەوەی کۆمەڵایەتی ئەم کۆمۆنیزمەی مارکس جارێکی تر بە گرتنەدەستی دەسەڵات یان بوون بەبەشێك لەدەسەڵات نیشانبدات، دەبێ بەجیا لەگوشارو هێرشی بەردەوامی بۆرژوازی، لەوگرفت و ڕێگریانەدا بۆی بگەڕێین کە چەپی رادیکاڵ گیرۆدەیەتی، چەپێیك کە مەقۆلەی مارکسیزم، کۆمۆنیزم، چینی کرێکار، شۆرش،... وەکو چەمکی تەجریدی تەماشا دەکەن و خەریکن وەکو دەورێش شەن و کەوی فکری تیئۆری دەکەنەوەو پێیان وایە گرفتەکە ئایدۆلۆژی و مەکتەبی یە، نەك کۆمەڵایەتی و سیاسی.

بەکورتیەکەی ئەوەی کەکەسانێك پێیان وایە لەوانە منیش کە مەنسوری حیکمەت ڕابەر و هەڵگری پەرچەمی مارکس بووە بەدوای شکستی شۆرشی ئۆکتۆبەردا، نەخشی ئەو قابیلی چاوپۆشی نییە، ئەمە بۆچونێکی تایبەتەو کەسانێکیتر دەتوانن بۆچونی تریان هەبێت، ئەمە مانعی پێکهاتنی حزبێکی مارکسی و لنینی و بۆلشویکی نییە. دەبێ ئێمە هەوڵبدەین حیزبێك پێکبهێنین حزبی بۆچونە جیاوازەکان و یەکێتی عەمەل نواندن و ئیرادەی هاوبەش بێت. ئەمەش یانی حیزبی سیاسی، هەر حزبێکی ئاواش شانوشەوکەت و توانای ئەوەی دەبێت ئاسۆی ڕزگاری چینی کرێکار بکات بەئاسوی زاڵی تەواوی کۆمەڵگا.

**ماویەتی ......**